# تاها بەرواری لە پێش دکتۆر کەمالدا دادگایی کرا

ئەورەحمان مەلا سەعید زەنگنە
Rahman_256@hotmail.com

بەشی یەکەم

نیوەڕۆێ ڕۆژی 5 / 11 / 2005 ڕادیۆی ( هاوپشتی ) لە شاری یەتەبۆریی سویدەوە ، سەبارەت بە بێسەروشوێنکردنی ڕێزدار دکتۆر کەمالی سەیید قادر ، چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ هێژا کاک تاها بەرواریی نوێنەری حکوومەتەکەی هەولێر لە وڵاتانی ئەسکەندەنافیا لە سوید ساز دا ، کە لە ئەنجامی تەوژمی فشاری وتارە ئاگرینە بەجەرگەکانی نووسەرانی هەندەرانەوە ، کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ جێپەنجەی ئەنجامدانی ئەو تاوانەیان بۆ سەرانی پارتی درێژ دەکرد و پەیتاپەیتا لەسەر سایتەکانی ئەنتەرنێتەوە بە ڕاشکاوییەوە هاوڵاتانیان لێ بەئاگا دەهێنایەوە . کاک تاها بەرواریی نوێنەری پارتەکەی کاک مەسعوود بارزانی ، بە ناچاری و لە پاش تێپەڕبوونی دوازدە ڕۆژی ڕەبەق بەسەر ئەو سەرنگوونکردنەدا ، بۆ یەکەم جار لەسەر خەتی ئەنتێنی ئەو ڕادیۆوە ، دانی پێدا نا ، کە بەڵێ دکتۆر کەمال لەلای ئەوانە و لەلایەن ئەوانەوە دەسگیر کراوە ! پێشوەختیش بەڕێوەبەری ڕادیۆی ناوبراو ، برای هێژا ( کاک بەکر ) ، چاوپێکەوتنێکی ژیرانەی تێروتەسەلی لەگەڵ خوشکێکی دکتۆر کەمالی دانیشتووی ئەڵمانیا ، کە چەن ڕۆژ بوو لە هەولێرەوە وێڵی سۆراغی هەواڵی دکتۆر کەمالی برای بوو ، ساز کرد و بە دڵنیاییەوە جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە ، کە دکتۆر کەمالی برای ، لە هەولێر لەلایەن پارتییەوە دەسگیر و بێسەروشوێن کراوە .

پێش ئەوەی بچمە نێو کرۆکی باسەکەوە ، پێشوەخت ئەوە بە هێژا کاک مەسعوود بارزانی و دەزگا سەرکوتکەر و داپڵۆسێنەرەکانی پاراستن و پارتیی بنەماڵەی بارزانی ڕادەگەیەنم ، کە ئەگەر ئێوە دکتۆر کەمالتان لەنێو شاری هەولێردا ، لەسەر نووسینی چەند وتارێک ڕفاند و بۆ ماوەی دوازدە ڕۆژی ڕەبەق بێسەروشوێنتان کرد ، لە پاش شوێنپێهەڵگرتن و ئاشکرابوونی ئەو تاوانە و فشاری نووسەران ، بە شەرمەوە لەسەر زاری نوێنەرەکەتان لە سوید ڕایدەگەیەنن کە دەتانەوێ دادگایی بکەن . ئەگەر تۆزقاڵێک لە ئەلفوبێی گەمەی دیموکراتییەت تێگەیشتبان ، کە شێست ساڵی ڕەبەقە لەسەر کەناڵە جۆربەجۆرەکانی ڕاگەیاندنی پارتەکەتانەوە ، بەو خەڵکەی دەفرۆشن و مەژیی دەروێشە تەوەزلەکانی نێو پارتیی پێ فریو دەدەن ، ئەگەر بڕۆکەیەک شەرمتان لە خەبات و گۆڕەکەی پێشەوا مەلا مستەفای بارزانی کردبا ، دەبوا لە بری ئەوەی وەک تاوانبار و دوژمنێک مامەڵە لەگەڵ ئەو دکتۆرەدا بکەن ، دەکاران بە چەند وتارێک بەرپەرچی ئەو نووسین و دەربڕینانەی بدەنەوە و لە هەولێری پایتەختیشدا وەکوو کوڕ و برای خۆتان و بەوپەڕی ڕێز و حورمەتەوە میوانداریتان لێ کردبا ، نواندنی هەڵوێستێکی جوامێرانەی لەو جۆرەش ، باشترین سەرزەنشتێک بوو ، بۆ وەڵامدانەوەی ئەو زمانە دژوارە تیژ و شەتەحئامێزەی کاکە دکتۆر کەمال ، بەوەش هێند دڵی خەڵکانتان لە خۆتان نەدەڕەنجان و سەرنجی بێزاریی هاوڵاتییانتان بەلای گەندەڵیی ئیدارەکانتادا نەدەورووژاند . چونکوو ئەگەر دکتۆر کەمال تەنها جارێک سەرپێچیکار و تاوانبار بێت ، وەک ئەوەی گوزارشی لێوە دەکەن ، ئەوا ئێوەی پاراستن و پارتی و بنەماڵەی بارزانی سەدەهاجاربار تاوانبارن ، نەک بە تەنها دەرحەق بە دکتۆر کەمال ، بگرە دەرحەق بە هەموو قەڵەمێکی بوێر و بیریکی ئازاد و گەل و نەتەوەی کورد بە گشتی . لەولاشەوە بەپێی بەندەکانی ئەو دەستوورە کوردستانی و عێراقییەی کە کورد دەنگی لەسەر داوە و تەنها چەند مانگێک بەر لە ئێستا ئیمزاتان کردووە و هێشتا مەرەکەبەکەی وشک دانەگەڕاوە ، نابێ بە هێچ جۆرێک تۆمەتی تاوان بدرێتە پاڵ هیچ کەسێک ، تاوەکوو دادگا ئەو تاوانە لەسەر ئەو کەسە نەکاتە ماڵ ، بەڵام ئێوە بە یاسای

جەنگەڵستان و زەبری دەسەڵات و تۆقاندن و بە سەرنگوونکردن و ڕفاندن ، پێشوەخت و لەپێش بڕیاری دادگادا ، بە مەبەستی حەشاردان و بێسەروشوێنکردن ، دوور لە هەموو دابونەریتێکی یاسایی دادپەروەرانەوە دادگاییتان کرد ، هەر کە دەسکەشتان کەوتە ڕوو و لای هەمووان ئاشکرا بوو ، ڕۆڵە بەئەمەکەکانی ئەو میللەتە کوردە قاڵبووەی نێو جەزرەبەکانی ئەنفال و کیمیاباران و چەوسانەوە و ئەشکەنجە و ئازار ، ئەویندارانی بیری ئازاد و دیموکراتییەت ، لەسەری وەدەنگ هاتن و ئەو ڕەفتارە شێخ زاناناڤێزەتانیان ڕیسوا کرد ، پێشوەختیش نوێنەرە زۆر دیموکراتخوازەکەتان لە وڵاتی سوید ، بەر لە دادگاییکردن ، بڕیاری حازربەدەستی خۆی لەسەر دا و بە تاوانبار ئەو دکتۆرەی ناوزەد کرد ، تاوان لەوەش گەورەتر لەوەدایە کە ئێوە بە شێوەیەکی یاسایی ناوبراوتان نەگرتووە ، بەڵکوو بەبێ ئاگادارکردنەوەی پێشوەختی خۆی و کەسوکار ، بە نهێنی ڕفاندووتانە و بۆ ماوەی دوازد ڕۆژی ڕەبەق شوێنگووم و بێسەروشوێنتان کردووە . ئەنجامدانی کارێکی نایاسایی و نائاسایی لەو جۆرە ، لە خودی خۆیدا تاوانێکە ، بەپێی بەندەکانی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان و هەموو دەستوور و ئایین و عورفێکی کوردەوارییی ڕەسەن و یاساکانی سەرڕووی زەمینیش ، تاوانبار بۆی نییە تاوانبارێکی دیکە دادگایی بکات . ئەمە لە حاڵەتێکدا ئەگەر ئەو ڕەنگاڵە خەونەتان بۆ بێتە دی و ڕاست بێ کە دکتۆر کەمال تاوانێکی کردبێ . چونکوو تاوەکوو ئێستا لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ڕووی نەداوە ، کەسێک لەسەر بڵاوکردنەوەی چەند وتارێک لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێتەوە دادگایی بکرێت ! ئەمە دیاردەیەکی تۆتیالیتارانەی زشتی فاشیستانەی دژ بە بچووکترین بەندی بنەماکانی دیموکراتییەت و مافی خۆڕسکی ڕەوای مرۆڤ و بیری ئازاد و وشەی ڕەوای بوێری زیندووی بەجەرگ و نەترسە ، وێڕای ئەوەی کە شایەتحاڵێکی زیندووی ئەوتۆیە ، ڕاستەوخۆ گوزارش لەو دەسەڵاتە گەندەڵانەی هەردوو ئیدارە ناتەباکەی کوردستانەوە دەکات ، کە وەک پێویست دەبوا بە پێچەوانەوە ئێوە و دەستوپاکانی ئێوەی لەسەر دادگایی بکرێت ، نەک حەللاجێکی سەردەمی وەک دکتۆر کەمال !

بەلای هەموانەوەش ئاشکرا و ڕوونە ( مایکڵ مۆر ) چ بە بۆشی سەرۆکی ئەمریکا دەکات ، وێنەی سەروکەللەی بۆشی لەبریی کەللەی سەدام بە نێو شەقامەکانی نیویۆرکدا دوای خۆی خستووە و ڕایدەکێشێ ، لەبری ئەوەی بێسەروشوێن و دادگایی بکرێت ، خەڵات کرا . بە ئینگڤار کارلسۆنی سەرەکوەزیرانی پێشووی سویدیان ، بە ڕاشکاوییەوە لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەوە ڕاگەیاند ، کە خەڵکان دەڵێن دەموچاوت لە پێڵاو دەچێ ، وتی ئەو خەڵکە ڕاست دەکەن ، چونکوو دەموچاوی من درێژکۆڵانە هەڵکەوتووە . ئەی بۆچی دەبێ کەس زاتی ئەوەی نەبێت ، کە بە ئێوەی خوای سەرڕووی زەمین و فیرعەونی سەردەم و بکوژوبڕ و تاڵانکەری سامانی ئەو میللەتە چەوساوەیە بڵێ : بەرچاوتان کلی پێوەیە ، لە کاتێکدا سەرلەبەری ئەو دەسەڵاتە بێ لێپرسینەوە و بێ چاودێرییە کەڵەگایانەتان ، سەرتاپای لە تاوانی تاڵانوبڕۆی گەندەڵیدا چەقیوە و تەپوتلی تێدا دەخواتەوە ؟

ئەوی دکتۆر کەمای سەیید قادر لە وتارەکانیدا دەریبڕیون ، بە بەراورد لەگەڵ تاوانەکانی کە ئێوەی بنەماڵەی بارزانی و پاراستن و پارتی ، چەندین ساڵە دەرحەق بەو میللەتە بێدەرەتانەی ئەنجام دەدەن ، دڵۆپەیەک لە دەریا و مشتێکی نێو خەروارێکش نییە . هەر لە دەستڕێژلێکردن و کوشتنی هاووڵاتیانی کوردی شاری شنۆوە لە دەسپێکی دەسەڵاتە خوێناوییەکەی خومەینییەوە ، کە ئەو خەڵکە داماوە کوردپەروەرە تازەبەتازە لە سەرقەبران و ناشتنی تەرمی پیرۆزی پێشەوا مەلا مستەفای بارزانیدا گەڕابوونەوە ، بیگرە ، تاوەکوو هێنانەوەی زرێپۆشەکانی ڕژێمی سەدام حوسێن بۆ کوردستان لە( **31** ی ئابی ساڵی **1996** )دا ، بە شەڕی کاولکەری براکوژیدا وەرە ، بە داڵدەدانی ئەنفالچییەکانی وەک تەحسین شاوەیس و کوردە خۆفرۆشە کۆنە موخابەرات و موستەشار و بەعسییەکاندا وەرە ، پاشان بە

تاوانە بێ ئابڕووە شەرمئامێزەکانی ڕۆڵەی یەکەمی پارتی و پاراستن ( شێخ زانا )دا تێپەڕە ، چوار مانگ دواخستن و لەکارخستنی پەرلەمانی کوردستان ، بەو بیانووەوە کە دەبێ لە لایەن هەموو خەڵکی کردستانەوە ، دەنگ بە مەهاتما غاندیی کورد ، پێشەوای سەردەم ، کاک مەسعوود بارزانی بدرێت ، نەک لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە ! بەتایبەتیش لەم ڕۆژگارە دژوارە چارەنووسسازە سەختەدا ، کە هەر ساتێکی بە ساڵێک بە سەر کوردی چەوساوەی ژێر چەپۆکەی پارتی و یەکێتیدا تێدەپەڕن ، بەتایبەتیش بەسەر ئاوارە داماوە خۆڕاگرەکانی شاری کەرکووکی قودس و دڵ و جەرگ و هەناو و گون و گورچیلەی کوردستانەکەی کاک مەسعوود و مام جەلال ، کە لە بارودۆخێکی زۆر نالەبار و ژیانێکی ناهەمواری مەژیومەمردا دەگوزەرێنن ، تەنانەت لە گەرمای چلەی هاوینیشدا ئاوی خواردنەوەیان بە کەوچکی چا بەسەردا دابەش دەکرێت ، سەرما و ڕەهێڵە و باوبۆران و بێ کارەبا و نەوتی زمستانیش سەربار بێت ، سەگ و گورگی هەتیوەکانی پاشماوەی سەدامیش ، چ بە مینی چێندراو و چ بە دەستڕێژلێکردن ، ڕۆژانە چەندانێکیان لێ شەهید دەکەن و لە گۆمی خوێنی خۆیاندا دەیانگەوزێننەوە . وێڕای ئەوەش زۆر هێژا مام جەلال تاڵەبانی ، کە ئامادە نییە تۆمەتی ئیعدام ، لەسەر سەدام حوسێنی خاوەن فەزڵ و دۆستی دێرین و لە پێناو ئەو نانونمەک و تێکەڵییە خێزانییەی نێوانیاندا ئیمزا بکات . ئەو سەرۆکە بەئەمەکەی کە ڕۆژێک بە کۆیی و ڕۆژێک بە کەرکووکی و لەلای عەرەبەکانیش بە بەغدایی خۆی دەناسێنێ ، لەسەر نەزەرییەی تێر ئاگای لە حاڵی برسی نییە ، تۆمەتی خیانەتیان دەداتە پاڵ ، ئەگەر بێت و شاری کەرکووک بەجێ بهێڵن ! چونکوو کەرکووک لە ڕوانگەی دید و بۆچوونی سەرانی پارتی و یەکێتییەوە ، واتە پارە و دەسەڵاتێکی فرەوانتر و بازرگانییەکی موفتی لەبننەهاتووی بەربڵاوی موڵکی قەیسەری ، نەک بیری کوردایەتی و پیرۆزیی زەڕەیەک لە خاکی وەتەن !

هەڵگرتنی لێپرسراوێتیی یەکنەگرتنەوەی هەردوو ئیدارە گەندەڵەکەی هەولێر و سلێمانی ، دزی و جەردەییەکانی گومرکەکەی برایم خەلیل ، تاڵانوبڕۆکانی قۆنتەراتە ناشەرعییەکانی بەرین و ئێستای بنەماڵەی بارزانیی لە خواپێداوانی دهۆک و سەریڕەش و مەسیفی سەلاحەددین ، نەک بە تەنها تاوان ، بگرە پەنجەی خیانەتکاریتان ، بە ئاشکرا و ڕاسەوخۆ و ڕاشکاوانە بۆ درێژ دەکەن . چونکە سووربوون و بەردەوامبوونتان لەسەر درێژەپێدانی ئەو گەندەڵییانەی باسم لێوە کردوون و ئەوانەی کە ڕووی مەجلیسیان نییە و باسم لێوە نەکردوون ، تەنانەت بەردیش وەدەنگ دێنێ ، بۆیە دکتۆر کەمالیش چاوەڕوانیی حەوسەڵەی سەبری پژا و تەقی کرد لە جەرگی و لەو شێوازە نووسینە بترازێ ، هیچ زمانێکی دیکەی پێ شایستە نەبینین ، کە پێی بێتە گۆ و ببێتە زوبانی هاوبەش لە نێوانتاندا . ئەویش لەوە زیاتری پێ نەوتوون و ئەگەر ئەمانە ڕاست نین ، ناشێ بەو هەموو پارە و ئیمکانات و کڕینی ئەو هەموو قەڵەمە دۆڕاوانەی ، کە ڕۆژانە دەستەونەزەر لە کڕنووشبردندا ، کۆک و تەیار و ئامادە ، وەک نۆکەرێک هەمیشە لە حوزووردان . بەم تەرزەی ئێستا عەرشەکانتان بێتە لەرزین و نەکارن بەرپەرچی ئەو برۆکە وتارانەی پێ بدەنەوە و پێچەوانەکانی بۆ بیروڕای گشتیی کورد بسەلمێنن . ئەم هەنگاوە بەجەرگە نوێیەتان لە بواری قەڵەمخەساندندا ، داهێنان و ئیبداعێکی تازەئیجاد و بەسەرکردن و ئاوڕلێدانەوە و خەڵات و موژدەیەکی بێوێنەیە ، لە سەرانی پارتی و پاراستن و بە تایبەتیش لە بنەماڵەی بارزانییەوە ، لە بوارەکانی دیموکراتییەت و پاراستنی مافی مرۆڤی کورد و بیری ئازاد و وڵاتپارێزیدا ، کە لەمەودوا ڕۆشنبیر و نووسەرانی کورد ، لە سەر شێوازی نووسین ، شوێنگوم و دادگایی بکرێن !

ئێوە پووشکە لە چاوی خەڵکاندا دەبینن و تەڵاشەکانی نێوچەوانی خۆتان بەدی ناکەن ! ئەم بان و دوو هەوا ناجۆرە ، هەتاهەتا و تا سەر یار و یاوەرتان نابن و هەر تاوانێک دەرحەق بەو میللەتە بێ شوان و بێ دەرەتانەی ئەنجام دەدەن ، ڕۆژێک دادێ ڕووبەڕووتان بووەستنەوە و لە گەردنتاندا ببنە

تەوقێکی ئاگرین و وەکوو مار لە ملتاندا پەپکە بخۆن و لێوەی بئاڵێن . چونکوو دەستەکانتان دەمێکە لەلای هەمووان ئاشکرایە و لەوە زیاتر بێدەنگی لە ئاستیاندا ، مایەی شەرمەزاری و سەرشۆڕی و بێ غیرەتی و خیانەتە ، کە ئێوە دەرحەق بەو میللەت و گەل و وڵات و نیشتمانە ئەنجامی دەدەن .

لەو پەیوەندییە تەلەفۆنییەی هێژا کاک بەکردا ، بەڕێز کاک تاها بەرواری ، هەر لە سەرەتاوە لەسەر بڕێک بنەما و پێوەری نادروست ، کە هەر خۆی و بۆ خۆی قرساندبووی ، گوزارشی لە دید و بۆچوونەکانی تایبەتیی پارتەکەی خۆیەوە دەکرد و سەرپاکی بۆچوونەکانی ئەو هەموو خەڵکەی پێ نابەجێ و نادرووست و هەڵە بوون ، کە ڕاسەوخۆ و بە پەیەوەندیی تەلەفوونی ڕادیۆکەوە، بەرپەرچی بۆچوونەکانیان دەدایەوە . بۆ بەڵگە هەر لە سەرەتاوە ڕووی ئاخاوتنەکانی لە بیسەران کرد و باسی لەوەوە دەکرد کە ئازادی و دیموکراتییەتی تاک ، لەوەدایە کە ئازادی و دیموکراتییەتی خەڵکانی دیکە پێشێل نەکات و ڕێزیان لێ بگرێ ، بەڵام ئایا ئەو پرسیارەی ئاراستەی حیزبەکەی لەمەڕ خۆی کردووە ، کە تاوەکوو چ ڕاددەیەک توانیوێتی داکۆکی لە ئازادی و دیموکراتییەت و بیروبۆچوونی خەڵکەکانی بەرامبەرەکەی خۆیەوە بکات و مافە ڕەواکانیان پێشێل نەکات ؟ ئایا شێستساڵی ڕەبەق بەس نییە بۆ پارتێک کە هەر نەبێ ئەوەندە فێر بووبێت ، تەنانەت لەنێو ڕیزەکانی پارتەکەی خۆیشیاندا بڕۆکەیەک ڕەچاوی ئازادی و دیموکراتییەت بکەن ؟ کام شۆڕەسوار لە ئەندامانی بەناو مەکتەبی سیاسییەکەی کاک مەسعوود بارزانی ، کە تەنها هەر خۆی دەیزانێ چۆن و لە پێناوی چ مەبەستێکدا بە تایەکاری هەڵیبژاردوون ، ئایا تاکێکیان زاتی ئەوەی تێدا بەدی دەکرێت و بێسڵەمینەوە و بە چرپە و لەژێر لێوەوە بپرسێ : ئەرێ بودجەی ساڵانەی پارتی ، کە لە حکومەتی عێراقی وەردەگرن ، چەند بلیارە و ئەو پارە و پووڵە دەچێتە گیرفانی کێوە و لەچدا خەرج دەکرێت ؟ ئایا لە وڵاتێکی نیمچە نادیموکراتیشدا ڕووی داوە ، کە ئەندامێکی کارای مەکتەبی سیاسیی پارتێکی سەرەکیی وڵاتێک فنیش بکرێ ، بەبێ ئەوەی هۆی ئەو فنیشکردنە ، تەنانەت بۆ ئەندامانی حیزبەکەی خۆیانیش ڕوون بکرێتەوە ، وەک ئەوەی لە هێژا کاک ( جەوهەر نامق ) ڕووی دا ، کە دیار و ئاشکرایە ، نەیتوانیوە لەوە زیاتر دان بە خۆیدا بگرێت و خەتی سووری بەزاندووە و لەو دزی و فزی و جەردەییە وەدەنگ هاتووە ، کە خەریکە هەموو دار و دەوەن و بەردی کوردستان ، لەسەری وەدەنگ دێن .

**2005 / 11 / 19** _ سوید _ ستۆکهۆڵم

## ماوێتی